# دەستور، کەرکوك، کورد

**سامان کەریم**

ڕەشنووسی دەستور کۆتایی پێهات، ئیدی هەرچۆنێك بێت و چی مشتومڕو شەڕە قسەو تەنازولات و سازشیش هەبووبێت، ئەنجام ڕەشنووسی دەستوری هەمیشەیی وڵاتی عێراقی عارەبی ئیمزا کراو تەنها ئەوەی ماوەتەوە، کە ڕیفراندۆمی بۆ بکرێت و گەل (بەڵێ و نەخێر)ێك هەڵبژێرێت، هەرچەندە قسەی خەڵکیش ناچێتە گیرفانەوە(!) چونکە گەل وابەستەی سەرکردەو حیزبە، ئەوان چیان وت و چیان بڕیاردا، ئێمەش دەبێ هەر ئەوە دووبارە بکەینەوە.

کوردو شیعە، کە خاوەنی زۆرینەی دەنگی نێو پەرلەمانەکەی عێراقن، ئێستا دەستور بە خواستی ئەوانە، ئەمێنێتەوە لایەنی سوننە، کە ڕەنگە لەبەر خاتری خاترداران (!) شتێکی دی لە ڕەشنووسەکە بگۆڕدرێت، بەڵام نەك زۆریش.. مەسەلە کەوتووەتە ئەو خاڵەوە، کە دەستور بەم شێوەیەی ئێستایەوە، ئیمزا کراوەو بڕاوەتەوە.

ئەوەی جێگای لەسەر وەستانە، دۆزی کەرکوك و پرسی ئەو شارەیە، کە لە دەستوردا چۆن هاتووەو کورد چ گرەنتییەکی دەستکەوتووە، کە لەشەڕی کەرکوکی کوردستانیدا براوە دەبێت.. بەڕای من هیچ.

لە ماددەی دووەمی بەندی (١٤٩)ی ئەو ڕەشنووسی دەستورەدا وا خراوەتەڕوو، کە ماددەی (٥٨)ی یاسای کاتیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت، کە تایبەتە بە ئاساییکردنەوەو سەرژمێری و ڕیفراندۆم لە کەرکوکدا درێژ دەکرێتەوە تا ماوەی ٢٠٠٧/١٢/٣١.

ئەمەیان وەك ئەوەیە، کە کورد دەڵێت: گورگ دەکرێتە شوانی ڕانەمەڕ! هەشتا ساڵە کورد لەم پارچەیەی کوردستاندا بەرگەی هەموو شتێکی گرتووەو شەڕی حکومەت و دەسەڵات نەما نەیکات، بەرگەی برسێتی و تینوێتی و کیمیاباران و ئەنفال و سێدارەو کوشتوبڕی گرتووە، خاڵێك، کە کرۆکی کێشەی کورد بووە لەم پارچەیەی وڵاتدا، پرسی کەرکوك بووە؛ کوردستانیبوونی ئەو شارە، کە هەمیشە دووژمنانی کورد نکوڵیان لێکردووەو سەرانی کوردیش بەرگرییان لێکردووە؛ پنتی گەورەی ئاڵۆزی کێشەی کوردە.. لە ڕەشنووسی دەستووردا، هەمدیس عارەبەکان نەیانویستووە، دان بە داوای کورددا بنێن و کێشەکە بگەیەننە چارەسەر؛ ئەگینا دواخستنەوەی چارەسەری کێشەی شاری کەرکوك لە گەمەیەکی تری سیاسیانەی عارەبی بەولاوە، پێم وابێت هیچی دیکە نییە؛ ئێستا کورد، کە براوەی دووەمی هەڵبژاردنی پێشووی عێراقەو لیستی بەهێزی دووەمی نێو پەرلەمانەکەی عێراقە، ناتوانێت عارەبەکان لەو هەڵوێستەیان پاشگەز بکاتەوە، یاخود ڕاستر بڵێین: عارەبەکان ناچار بکات دان بەڕاستی و کوردستانیبونی کەرکوکدا بنێن و لە دەستوریشدا دەبێ، نەك دوای بخەن، بەڵکو چارەی بکەن و جێگیری بکەن.

دواکەوتنی چارەسەری کێشەی کەرکوک بۆ ساڵێك و چەند مانگێکی تریش، پێم وابێت سەرچاوەکەی لەوەوە دێت، کە عارەبەکانی عێراق جگە لەوەی ئەوە وەك گەمەو موراوەغەیەکی تری درۆیینانەی خۆیان دەرهەق بە کوردی دەکەن، لەهەمانکاتدا پێدەچێ درکیان بە ساویلکەیی عەقڵی کوردیش کردبێت، لەوە گەیشتبێتن، کە کورد بەجۆرێك کاڵفامەو زوو شتی بیر دەچێتەوە، ئەوان ئاگایان لەوەش هەیە، کە کورد پەند لە ڕابردووی وەرناگرێت، بۆیە دواخستنی چارەسەری ئەو کێشە بنەڕەتییە، ئەوەندە لە مەحاڵی نزیکدەکاتەوە، نیو هێندە نایگەیەنێتە چارەسەر.

کێ دەڵێت، هەتا ئەو مێژووەی، کە لە ڕەشنووسی دەستوردا هاتووە بارودۆخی کەرکوك ئاسایی دەکرێتەوە، ئەدی کورد و سەرانی کورد لە بەغدا چ گرەنتییەکیان لە عارەب و سەرانی عارەب لە بەغدا وەرگرتووە، کە تاوەکو ئەو ماوەیە دەبێ دۆزی ئەو شارە یەکلایی بکرێتەوە، یان ڕاستتر بڵێین لەدوای ئەو مێژووەوە ئیدی کەرکوك شارێکی کوردستانی دان پیادانراو بێت؟! بێگومان هیچ؛ ئەگەر تەنها گرەنتی ئەوە بێت، کە ئەوە خاڵێکەو لە دەستوردا جێی کراوەتەوەو دەبێ عارەبەکان پابەندی بن، دیسان گرەنتی نییە، کە جەعفەری و حەکیم و کێ و کێ پابەندی ئیمزاکەیان بن. کێ دەڵێت سبەی، دوو سبەی ئاغای سیستانی فەتوایەك دەرناکات لەوەی دەبێ (عێراقییەکان) پابەندی ئەو خاڵەی دەستور نەبن؟ ئەوجا خۆ دەبێ کورد سیر بخواو زووڕنا لێبدات!!.